# ئافاتی تەکنەلۆژیا یان ئافاتی دەسەڵات ؟

**بەشدار علی**

لەگەڵ دەرکەوتنی هەر دیاردەیەك لەکوردستان دەبێت کۆمەڵێك کەس ببنە قوربانی , کۆمەڵێك خێزان شیرازەی ژیانکردنیان تێك بچێت , چەندین دایك و باوك جەرگ سووتاو بکرێن , چونکە لەکوردستان دەسەڵاتێکی عەقڵانی کاروبارەکان بەرێوە نابات , رووبەروو بوونەوەو بەرنامە دانان و خۆ ئامادەکردن بۆ هەرکارێك لەسەر بنەمایەکی ناعەقڵانی و نامەدەنییە ئیتر بۆیە لەسیمای هەموو شتێکەوە هەست دەکرێت کە یاساو دەسەڵاتێکی عەشایریو میلیشیایی لەپشتەوەی کارەکانەوە خۆی مەڵاسداوە .

ماوەیەکە گوێبیستی رووداوی جەرگ بڕو راچڵەکێنەر دەبین لەشارەکانی کوردستاندا لە ئەنجامی وێنە گرتنەوە لەرێگای مۆبایلەوە .... وەکو لە سەرەتادا باسم کرد لەئەنجامدا چەندین کورو کچ بوونەتە قوربانی وەکو هەر دیاردەیەکی تر .

بەجیا لەوەی ئاشکراکردن و دەرخستنی نهێنی نێوان دوو کەس و بڵاو کردنەوەی جا لەلایەن هەر یەکێکیانەوە بێت یاخود هەردەزگاو لایەن و کەسێك لەپشتییەوە بێت , کارێکی نادروستە .

بەتایبەت کە ئاشکراکردنی ئەم نهێنیانە مەترسی لەدواوە بێت وەکو لەو وێنانە و دەرئەنجامەکانی بینیمان ئیتر دەبێت بەپێی یاسا ئەو کەسانە سزای خۆیان وەرگرن .

بەڵام ئەوەی جێگای باسەکەی ئێمەیە ئەوەیە وەڵامی دەسەڵاتداران وەکو بەرپرسی یەکەم لەسەلامەتی گیانی خەڵك بەگشتی و ئەم کورو کچانە بەتایبەت چییە ؟

دەسەڵاتدارانی کوردستان وا راهاتوون تا رقی خەڵك بەرز نەبێتەوە , تا گۆمی خوێن پڕ نەبێت , تا نارەزایەتی نەگاتە لوتکە خۆیان لەهەموو باسەکان دەدزنەوەو لەگوێی گادا لێی دەخەون چونکە ئەوان ئیتر لەهەسارەیەکی تردا ژیان دەکەن و بە واقیعیش هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ خەڵکی ئاسایی کوردستان کۆیان ناکاتەوەو لەهەموو لایەکەوە لەیەکترییەوە جیاوازن و سنورێکی ئەستوور هەیە بۆیە کێشەو گرفتەکانی خەڵك هیچ پەیوەندییەکی بەئەوانەوە نیە و هەگبەشیان بەتاڵە و هیچی تیانیە بۆ چارەسەرکردنی,بۆیە یان بێ دەنگی لێ دەکەن یاخود دەکەونە پەلاماردان.

بۆیە ئێمە دوای روودانی چەندین رووداوی ناخۆش و جەرگ بڕ, کە چەندین کچ و کوڕ شەلالی خوێن کران بە هاوکاری کۆمەڵێك گەنج و بەرێبەرایەتی " رێکخراوی گەنجانی بێ سنوور" رێپێوانێکمان کردو یاداشتێکمان دایە پەرلەمان و حکومەت, پێمان گوتن ئێوە سەیر کەن گەنجان و لاوان چۆن لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدا دووچاری لادان هاتوون هەندێکیان بەمادەی سڕکەر گیرۆدەن, کە ئەمنیون و حەشیش لە هەولێر و سلێمانی دەست ناکەوێت بازاری هێندەگەرمە, زۆربەیان ئێستا وا رێگای کۆچ دەگرنە بەر, گوتمان بەهۆی زۆری گرفت و کێشە چارەنەکراوەکانیان, بەهۆی نەبوونی یاسایەك کە دیفاع لە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بکات, بەهۆی زاڵکردنی فەرهەنگێکی تا سەر ئێسقان دارزیوو دواکەوتوو.......

ئیتر گەنجان و لاوان دووچاری گرفت ولادان دەبنەوە.

بەڵام وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد لەبەرئەوەی بەرنامەیەکی عەقڵانی و ئینسانی ئامادەیی نیە لەنێو دەسەڵات بۆیە لەم رۆژانەدا بەهۆی فشارێکی زۆردا دەسەڵاتداران و بە دیاریکراویش حزبە ئیسلامیەکان بە ئافاتێکی تەکنەلۆژیاو بەڵایەکی زانست و داهێنانەکانی ناویان برد وە لەبەرئەوەی هیچیان لە هەگبەدا نیە کە ئەم وەزعیەت و گوزەرانەی خەڵکی تیایە بیگۆڕن و ژیان و چارەنووسی گەنجەکان باشتر بکەن بۆیە کاردانەوەو هەڵوێستەکانیشیان ناتوانێ خزمەتێك بە کێشە ئەساسیەکانی خەڵك بکات و نابێتە هۆی نەمانی ئەم دیاردەیەو کەمی قوربانیەکانیان.

بەکورتی لە گرتە سێکسیەکانی نێو مۆبایلی هەرزەکارو گەنجاندا تێدەگەیت کە پەیوەندی ئاسایی نێوان مرۆڤەکان بەتایبەتی کچان و کوڕان لەم وڵاتەدا قەدەغەیە, سەرباری ئەمەش لە دەرئەنجامەکەی تێدەگەیت کەیاساو دەستوور و دەسەڵاتێك نیە سەلامەتی گیانی خەڵکەکەی بپارێزێت.

Bashdar_net@yahoo.com